www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-2-2007 21:33

**وڵامێک بۆ داریاس شێمحەمەد ... *ئازا محمد ئابلاغی**

زۆرن ئەوانەی رۆژێك یا ساتێك لە دونیای سیاسەت و کاری رۆژنامەنوسی کاریان نەکردووەو ئێستا بە دڵی خۆیان قەڵەمێك دەگرنە دەست و بە پێی میزاج و بە شێوازی عاتیفە دەکەونە شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و هەڵسەنگاندنی هەواڵ و بابەت هتد. . کە ئەمە بۆتە نەریتێك لە نێو ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە، خۆ ئەگەر سایتەکانی ئینتەرنێت نەبێت لە 1000 هەزار بابەت و هەڵسەنگاندنی هەواڵی هاوشێوەی بابەتەکەی (داریاس شێمحەمەد) تەنها دانەیەکیان لەسەر روپەڕی رۆژنامەیەکی ئازادیش دا بڵاو ناکرێتەوە کە ئەوەی بابەتەکەی ئەم کۆلکە نوسەرەی خوێندبێتەوە دەگاتە ئەو راستیەی کە نوسەری بابەتی (کوردستانی نوی لەکوی دەردەچێت) تەنها ئەرکەکەی خۆی بەجی گەیاندوە کە پێیان سپاردبوو بۆیە لێرەدا من نایەمە سەر بەرگریکردن لە رۆژنامەی کوردستانی نوی چونکە ئەم رۆژنامەیە ئەگەر مەبەستی بێت وڵام بداتەوە ئەوەندە رۆژنامەنوسی بە ئەزمون و خاوەن قەڵەمی زێڕینی تێدایە رەنگە پێویست نەکات من ئەو ئەرکە ببینم بەڵام جێی خۆیەتی هەندێك خاڵی گرنگ هەیە وڵامی گونجاویان بدەمەوە.

*وەفدی میوان واتا وەفدی فەلەستینی باسیان لەو پەیوەندیەمێژوویەی نێوان هەردوو گەلی فەلەستین و کورد کرد کە لەسەر دەستی بارزانی نەمر و خوا لێخۆشبو یاسر عەرەفات دامەزرابوو؟

ئەمە قسەو وورد کردنەوەی زۆری دەوی و پرسیاری گرنگ دە وروژێنێت تۆ بڵێی ئەوکاتەی سەدام و دارو دەستەکەی ئەنفالیان بەسەر گەلی کورد دا جێبەبی کرد گەلی فەڵستین و سەرکردەکەیان چەند مانگ پرسەو ماتەمینیان راگەیاند و چەند رۆژ شەقامەکانی ئەو وڵاتە دەنگی نارەزاییان لی هەڵسا ئەی بۆ باسی ئەوە نەکەین کە یاسرعەرەفات کێشەی فەڵەستنی بەلاوەنابوو لەبەر کێشەی کورد ئاخر لەکاکی کۆلکە نوسەر دەپرسم کام پەیوەندی؟

*لە روانگەی نوسەر سکرتێری م. س (پ. د. ك) تیشکی خستە سەر ئامانجی سەردانەکەیان، کە هەم بۆ نوێکردنەوەی هەردوو گەل هەوڵێکە بۆ دۆزینەوە و چارەسەرێکە بۆ مەینەتی پەنابەرە فەلەستینیەکانی ئێراق؟؟ ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ئەو هەواڵە بکەیندەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سکرتێری مەکتەبی سیاسی بروای بە تەعریب کردنی کوردستان هەیە چونکە پرسیارێکی زۆر باو هەیە کە هەمو کەسێك دەیکات بۆ لەنێو 22 وڵاتی عەرەبی لەم عێراقە شڵەژاوەدا پەنابەری فەلەستینی بەدی دەکرێت ئەگەر مەبەست تەعریبکردنەوەی کوردستان نەبێت باشتر وایە سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی شوێنی نیشتەجێبونی ئەو پەنابەرانە دیاری بکات و بیانباتە نوگرە سەلمان و عەرعەر نەك کوردستان جارێکی تر تەعریب بکرێتەوە هەڵبەت دەر دەکەوێت کە مەبەستی سەردانی ئەم وەفدە بۆ نۆژەنکردنەوەی پەیوەندی نیە بەڵکوو بۆبە تەعریب کردنەوەی کوردستان هاتون ئەوەش لە بابەتەکەی داریاس رەنگی داوەتەوە واباشتر بوو ئەم هەواڵە وا بە سەقەتی تەفسیر نەکەیت.

* داریاس دەڵی شتێکی باشە گەلی فەلەستین و گەلی کورد هاموشۆی یەکتر بکەن چونکە خاڵێکی جەوهەری یەکیان دەخاتەوە ئەویش ئەوەیە کە هەردوو گەل شایستەی ئەوەن کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بن؟ لێرە دەبی بڵێم باشبو ئەم بابەتەت بە عەرەبی دانەبەزاند ئەگینا هەر ئەو فەڵەستینیانەی تۆ بە مافخوراویان دەزانی ئەوان تۆیان قێزەون دەکرد چونکە ئەوەی رۆژێك فەلەستینیەکی دواندبی دەزانی تا چەند کورد بە دووژمنی خوا ناو دەبەن کە بەلای ئەوان سەدامی گۆر بەگۆر بە پەیامبەری سەدەی بیس ناو دەبەن، سەر لەوە دەرناکەم گەلی فەڵەستین کەی رۆژێك ئێمەی گەلی کوردی وەك مرۆڤ خوێندۆتەوە ئەی ئەوە نیە شەهیدەکانی مسجدالاقساو کەنارەکانی غەزە بە شەهیدی قادسیە موچەیان هەبو لەو وڵاتەی کە پێی دەوترێت عێراقی یەك پارچەی فیدراڵ کە وانیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

* ڕەفتاری هەندێك لە وەزیرەکانی یەکێتی لە حکومەتی پارتی ئینجا کوردستان؟ ئەوەیان پێویستە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین چونکە لادانە لە بابەتەکەی خۆی بۆیە منیش لە بابەتەکە لائەدەم و تیشکێك بە خێرایی دەخەمە سەر ئەو وتەیە، ئەم جۆرە نوسینە وا باشتر بو لە بابەتێکی تایبەت بنوسری چونکە ڕەفتاری هەندێك وەزیری یەکێتی لە حکومەتی پارتی هەمووومان ئەوە دەزانین کە ئەم حکومەتە تەنها پارتی تیایا خاوەن بڕیارەو هیچ بەهایەك دانەنراوە بۆ ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لەم حکومەتە ئەگەر پێشت باشە ئەوا کۆمەڵێك بەڵگە هەن دەیخەمە ڕوو کە چۆن بڕیار دەگێڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی.

*ئەو هەواڵەی کوردستانی نوی، هیوادارم هیچ تەکبیرێکی تری لە پشتەوە نەبێت و سڕینی دەستی چەوری خۆیان نەبێت بە سەری پارتی؟؟ من لە نوسەر دەپرسم کام دەستی چەور ئەو دەستەچەورەی کە پارتی دەیەوی بە سەری خەڵکی کوردستانی بسڕێت چونکە کوردستان ئارامە دەبێت تەعریب بکرێتەوە دەپرسم سکرتێری مەکتەبی سیاسی دەستی چەورنیە بۆ سەری گەلی کورد؟ تۆی نوسەر کە ئەوەندە دڵسۆزی ڕێبازی پارتی و بارزانیت نەدەبو بەو شێوەیە باس لە پارتی بکەیت و بیکەیتە لایەنێك لە گێڕانەوەی تەعریب ئەویش بە دەستی فەلەستینیە داگیر کەرەکان کە سەدامی دیکتاتۆر بۆ پێکانی ئامانجەکانی و بۆ دژایەتی کردنی گەلی کوردستان هێنابونیە ئەم وڵاتە.

*تێکەڵاوی پارتی لەگەڵ سیمبول و مافە نەتەوەییەکان پرسی ڕۆژ و بەرژەوەندی حزب نین؟؟ لەم دێڕە ناگەم هەرچەند هێنام و بردم ئەوەی ئەو بەڕێزە نوسیویەتی لەڕوی سیاسی و دەستەواژەشەوە لە هیچ فەرهەنگی سیاسی و ڕۆژنامە نوسی بەدی ناکرێت بەڵام وادیارە ئەو بەڕێزە دەیەوی پارتی لە هەندێك مەسەلە بپەرێنێتەوە و ئیتر بە نیشتمان پەروەر و وڵات پارێز ناوی ببات بەڵام بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ نەیتوانیوە تەنها وتەیەکی ڕابردوو بگۆڕێت بەڵی مرۆڤ دەتوانێت بە ویستی خۆی ژیانی سیاسی و داهاتوی خۆی بجوڵێنێت بەڵام ناتوانێت دوو دێڕی دوو ساڵی پێش ئێستای ئاوازو بکاتەوە.

* وتەیەکی ڕاستی نوسەر ئەوەیە سور بونی مەسعود بارزانی نەبوایە لەسەر هەڵدانی ئاڵای کوردستان چۆن ئەو ئاڵایە دەچوە ڕیزی ئاڵای نەتەوەکانی ئەوروپا؟؟؟؟ زۆر دڵخۆش بوم بەو وتەیە ئەمیان دەبی بۆڕاستی بگەڕێینەوە بۆ مێژوو هەرچەندە لەوانەیە کەسانێك بەکۆن خوێندنەوەی بۆ بکەن بەڵام کە وای لێهات جێی خۆیەتی لە نوسەر بپرسم ئایا ساڵی 92 کێشەی پەرلەمان لەسەر چی بو ئەگەر ئەندام پەرلەمانانی ئەو کات خۆیان لەدەنگی ویژدان کەڕ نەکەن با بە تۆ بڵێن کە سەرۆکەکەت تا چەند پێداگربوو لەسەر لابردنی ئاڵای کوردستان و دانانی ئاڵای ئەنفال و کیمیا باران ئەگەر بە توندی بەرەنگاری بڕیارەکەی ئەوسەرۆکەی کە تۆ بە سەرۆکی کوردستانی ناو دەبەی دبوایە ئاڵای سەدام و عەلی کیمیاوی و بەرزان تکریتی لە سەربانی پەڕلەمانی کوردستان و فەرمانگەکان بشەکایەوە ناحەقیشت ناگرم ئێستاش سەرکردەکانی تۆ شەرعیەت دەدەن بە گرتنەوەی هەولێر لە 31 ئابی 1996 کەئاڵای عێراق و دەبابەکانی حکومەتی سەدام تان هێنایە ناو هۆڵی پەڕلەمان ئیتر پارتی لەکام بارودخی سەخت داکۆکی لە ئاڵای کوردستان کردوە قازی نەمر لە چ کاتێك ئاڵای کوردستانی بە ئامانەت داوەتە بارزانی ئایا تۆ مێژوت خوێندۆتەوە هەر لە خۆتەوە وڕێنە بە شتە باشەکانەوە دەکەیت بۆ حزبەکەت؟ دەشزانم تۆ نوسەر نیت و ئەرکێکی حزبیت پی سپێردراوە و کارەکەت تەواو بوە بەڵام تۆ ئەگەر زەڕەیەك وشیاری سیاسیت بوایە نەدەبو بابەتێك بوروژێنیت کە دەمی خەڵك لە حزبەکەت بکەیتەوە بۆیە لەکۆتایی نوسینەکەم ڕێنوێنیت دەکەم کە هەوڵ بدەی هەر نەبێت دەورەیەکی خێرای کادران ببینە لە زاخۆ بەڵکوو وات لێبێت سوکایەتی بە حزبەکەی خۆت نەکەیت.

سلێمانی

2007/2/14

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

azashano@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.